به بۆنەی بیست و حەوتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# یادەوەرییەک لەگەڵ گۆڤاری (ڕامان)ی بە ئەزموون

**سالار سەمین**
**(کفری- گەرمیان)**

گۆڤاری ڕامان، بەهۆی بابەتی گرنگ و دەگمەن و سەرنجڕاکێش، لە هەموو بوارەکانی نووسیندا، چ لە بواری دەقی ئەدەبی و چ لە بوارەکانی دیکەی وەک: هەڤپەیڤین و مێزگرد و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و بابەتی هزر و فەلسەفە و مێژوو و هونەر و زمانزانیدا، ناسنامەیەکی زێڕینی بۆ خۆی بەدەست هێناوە. بەڕاستی ناوەڕۆکی دەقە بڵاوکراوەکان ئەوەندە بەهێز و بە پێزن، خوێنەر وەک مێشهەنگ چۆن بەدەوری گوڵی ڕەنگاوڕەنگدا دەسووڕێتەوە، خوێنەریش بەدەوری گۆڤاری (ڕامان)دا دەسووڕێتەوە.

نەک هەر وەک خوێنەرێک، بەڵکوو وەک نووسەرێک پتر لە بیست و پێنج ساڵە دەقەکانم لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو دەبنەوە، لە ماوەیەکدا لە لایەن ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە سانسۆرێک خرایە سەر نووسینەکانم، بەڵام گۆڤاری ڕامان بێ ترس دەقەکانی منی بڵاو دەکردەوە.

لە ماوەی ئەم چارەگە سەدەیەی لەگەڵ گۆڤاری (ڕامان)دا ئاشنایەتیم هەبووە، بۆم دەرکەوتووە لە بواری سیاسەتدا گۆڤارێکی بێ لایەنە، لەبەر ئەوە خوێنەرێکی زۆر و باش لە دەوری گۆڤارەکە کۆبوونەتەوە.

لێرەدا دەبێ بە ئەمانەتەوە بڵێم سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە بەشێوەیەکی جوان ئەو گۆڤارە دەخەنە بەردەستی خوێنەرانەوە، بەتایبەتیش لە هەڵەبڕین و ڕێنووسی وشە و ڕستە و دەستەواژەی نێو دەقەکاندا زۆر وردن، ئەو کارانەش دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکان و متمانە و نازناوێکی جوان بۆ گۆڤارەکە دروست دەکەن.

لە ماوەی ٢٧ ساڵی تەمەنی گۆڤارەکەدا، ٣١٦ ژمارەی لێ دەرچووە، ناڵێم هەمووی، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانم پێ گەیشتووە و خوێندمنەتەوە، قەوارەی بەشێکی زۆری ژمارەکان پتر لە ١٦٠ لاپەڕەن، هەر ژمارەیەکی حسێبی

ڕۆمانێکی بۆ بکە، ڕۆژێک لەڕۆژان لە خوێندنەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی وەڕس نەبوومە.

لە سەرەتای ساڵانی حەفتا وەک خوێنەرێک و لە کۆتایی حەفتاکان وەک نووسەرێک، بەشێکی زۆرم لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان خوێندووەتەوە، بەتایبەتیش هاوکاری و بەیان و ڕەنگین و ڕۆشنبیری نوێ و کاروان و باسەڕە و کەرکووکی ئەمڕۆ، کە خۆم لە دەستەی نووسەرانیدا بوومە، دەبینم گۆڤاری ڕامان لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندانـدا، بەبێ جیاوازی لەگەڵ هەموو خاوەن قەڵەمەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا کار دەکا، لێرەدا دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانی گۆڤارەکە چەندێک هونەرەکەی بۆ نووسەرەکان دەگەڕێتەوە، ئەوەندەش بۆ سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە دەگەڕێتەوە.

گۆڤاری ڕامان ٢٧ ساڵە هەنگاو بەرەو داهێنان دەنێ، وەک نووسەرێکی کەرکووکی و گەرمیانی و دانیشتووی خورماتوو، بیست ساڵە هاوڕێی ئەم گۆڤارەم، بەشێوەیەکی زۆر جوان پێشوازی لەو خاوەن قەڵەمانە دەکەن کە بابەتیان بۆ دەنێرن. دەبێ ئەوەش بڵێم سەرنووسەر بە گەرمی پێشوازی لە نووسەرانی ڕۆژهەڵات دەکا، بەتایبەت لە بواری وەرگێڕاندا.

ڕاستییەکەی سەرنووسەر و ستافی گۆڤارەکە لە پێناو سەرکەوتنی گۆڤارەکەدا، هەوڵێکی پڕ لە ئەرک و ماندووبوون دەدەن. گۆڤاری ڕامان لە ١٩٩٦/٦/١١، واتە ٢٧ ساڵە چاوی هەڵهێناوە، تا ئێستا بێ ڕاوەستان کاری خۆی دەکا، هیوای بەردەوامی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.